# بزوتنەوەی شورایی لە کوردستانی عیراق

**ئامادەکردنی ڕێنوار جبار**
renwar_jabar2@yahoo.com

**(1)**

**( لە کوردستان هەموو ساڵێك جارێك بیرەوەری ڕاپەڕینو شوراکان ڕێزیان لێدەگیرێ. ناسیۆنالیستەکان ڕێز لەڕاپەڕین دەگرن بەبێئەوەی باسی شورا بکەن. بەڵام باسی ڕاپەڕین بێباسی شوراو بێنیشاندانی هەوڵو تەقەلای جەماوەری بەرینی کرێکارو زەحمەتکێش بۆ دامەزراندنی بەدیلێکیتر لەجێگای حکومەتی هارو دیکتاتۆری سەرمایە لەعێراق جگە لە تەحریفی مێژوو، ترسە لە ئیرادەی ئینسانەکانی ئەم کۆمەڵگایە کە هەر ئێستا لە مەیدان حازرنو بۆ ڕزگاری تێدەکۆشن.**

**بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دوای ڕاپەڕین، یەکەمین تاقیکردنەوەکانی خەڵك بوون لە بەشە جیا جیاکاندا. کرێکاران لەکارگەو شوێنەکانی کاری خۆیاندا کەوتنە جموجۆڵ و باسی شوراو ڕێکخراوەی کرێکاری و سەربەخۆیی کرێکاری، وە باسی سەروەریو ساحێب کۆمەڵ بوونی خۆیانیان دەکرد. کرێکاران لەزۆر شوێن ویستیان دەست بگرن بەسەر کارگەکانداو خۆیان بەرهەم هێنانی کارگە بەڕێوەبەرنو کۆنترۆڵی بکەن، کرێ زیاد بکەن، سەعاتی کار کەم بکەنەوەو... هتد. کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێش لەگەڕەکەکان دەیان ویست خۆیان ئەرکەکانی ژیانو مەسکەنو دابەشکردنی شتومەك لە ئەستۆ بگرنو لە شورای گەڕەکدا یەکگرتووبن. ژنان، سەرەڕای دابو نەریتی کۆنو فشاری فەرهەنگو سوننەتی مەزهەبیو پیاو سالاری، چالاکانە لە کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا بەشدارییان کردو ئەرکی جۆراو جۆریان بەئەنجام گەیاند. لاوان کە داهاتووی ڕوونی خۆیانیان بەدی دەکرد، لە دامەزراندنی دونیای ئازادو بەختەوەری خۆیاندا بەشۆڕو شەوقەوە بەشدارییان دەکرد.) ئەمە بەشێکە لە پێشەکی چاپی دووهەمی کتێبی ( بزوتنەوەی شورایی لە کوردستانی عیراق ) کە لە ساڵی 1998 لەلایەن موزەفەر موحەمەدی و منەوە ئامادەکراوەو بڵاوکراوەتەوە.**

**من لە ڕێگای بڵاوکراوەی هاوپشتی کرێکارییەوە وە بە پشت بەستن بە باس و بیرەوەریەکانی ئەو کتێبە هەووڵدەدەم هەر جارەی تیشکێك بخەمەسەر لایەنێکی بیرەوەریەکان وتاقیکردنەوەکانی ئەم بزوتنەوە کرێکاری و جەماوەریە .**

**سەرهەڵدانی شوراکان لە کوردستان هەرچەندە روداوێکی تازەو ناکامڵ بوو بەڵام توانی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستان تا رادەیەکی زۆربگۆرێت, ئەگەر جاران تەنها دەبوایە خەڵك بۆ گوێگرتن لە سەرۆکی فلانە خێڵ و عەشیرەت و حیزبی ناسیونالستی کۆبوونایەتەوە و ملکەچیان نیشانبدایە, بە پێچەوانەوە لە شوراکاندا کرێکاران و جەماوەری خەڵك بۆ قسەو باس لەسەر خواست و داواکاریەکانی خۆیان و جێبەجێکردنی کۆدەبوونەوە, وە ئازادانە لە کۆبوونەوە گشتییەکانی خۆیاندا نوێنەرانی واقعی خۆیان هەڵدەبژارد وە یان لایاندەبردن و دەیانگۆرین. باسی دەسەڵاتی شورایی و ئازادی بێقەیدو شەرتی سیاسی ویاسای کاری کرێکاری و یەکسانی هەمەلایەنەی نێوان ژن و پیاو, وە دابەشکردنی عادیلانەی سەروەت و سامانی کۆمەڵگا و بەهرەمەندبوون لە هەموو خزمەتگوزاریەکی گشتی و تەندروستی ...تد ئەو دروشم و خواستە واقعیانە بوون کە شوراکان پێیانەوە دەناسرانەوە و لە هەوڵدابوون بۆ جێ بەجێکردنی. سەرەرای تەمەنی کورتی شوراکان و سەختی ئەو هەلومەرجەی کاریان تێدادەکرد, دەکرێ دەیان نمونەی زیندوو لە هەوڵ و کۆششی شوراکان نیشان بدەین لە راستای هەوڵی جێ بەجێکردنی ئەم دروشم وخواستانە.**

**کاریگەری ئەم بزوتنەوەیە بە ئەندازەیەك بوو کە ناسیونالیزم و حزبە دەسەڵاتدارەکانی ئێستای کوردستان بە هەموو هەوڵ و توانایانەوە دەیانویست سەرکوتی بکەن و کاریگەری لە سەر بیر و کارو کردەوەی کۆمەڵگا کەمبکەنەوە...**

**ئەم بزوتنەوە کرێکاری و جەماوەریە هەرچەندە پاشەکشەی پێکرا, بەڵام بە هێزی خۆیەوە لە تەواوی مێژووی ئەم چەند ساڵەی دوایی کوردستاندا و لە کێشمە کێشی نێوان کرێکار و دەسەڵاتی بورژوازی کاریگەری داناوە, لەگەڵ ئەوەشدا سەرهەڵدانەوەی سەر لە نوێیشوراکان و رێکخراوکردنی جەماوەری بەرینی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێش لە رێکخراوی جەماوەریو کۆمەلایەتیەکانی خۆیاندا وە ئاراستە کردنی بە ئاراستەی گۆرینی کۆمەڵگاو بەدیهێنانی ئایندەیەکی باشتردا, لە گرەوی بەهێز بوونی حزبێکی سیاسی و جەماوەری کۆمۆنیستیدایە.**

بەشێك لە:

# بڕیارنامەی هاوبەشی نوێنەرانی شوراکانو "دەستەی بەرەو پێشبردنی بزووتنەوەی شورایی"

دووری یا نزیکی، دۆستایەتی یا دوژمنایەتی هەر حیزبو لایەنێکی سیاسی چەکدار یا بێ چەك لە کۆمەڵدا بە ئێمەی کرێکارانو زەحمەتکێشانو خەڵکی ئازادیخواز، لەسەر بناغەی ئەم خاڵانەی خوارەوە دیاری دەکەین:

1– چەندە قازانجی ئێمەی چینی کرێکارو زەحمەتکێشانو خەڵکی ئازادیخواز دەسەلمێنێ.

2– چەندە پشتی داخوازییەکانمان دەگرێو دژایەتی لەگەڵ ناکا، چەندە دژایەتی ڕیکخراوە سەربەخۆکانمان ناکا.

3– چەندە بەهێزی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشو خەڵکی ئازادیخواز، لە هەموو مەیدانەکانی ئابووریو سیاسیو کۆمەڵایەتیدا پشت دەبەستێو بۆ هێزو بیروڕاو بڕیارەکانی جەماوەری ڕاپەڕیو ڕێز دادەنێ، وە پێش بەبەشدار بوونی ڕاستەخۆمان لە دەسەڵاتدارییەتیدا ناگرێ.

4– چەندە ئازادییە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان دەپارێزێو دژایەتی لەگەڵ ناکا.

بەم جۆرەیە کە ئەو هێزو حیزبە سیاسییانە لەگەڵ دۆستایەتی یان دژایەتی ئێمە بەرەو ڕوو دەبێ

1991 /3 /18